# پرۆژەی هۆشیارکردنەوەی خەڵکی لادێکان

# لەمەڕ توندوتیژی دژی ژنان




بۆ زیاتر چوونە ناو بارودۆخی توندوتیژی دژی ژنان و پاراستنی مافەکانیان و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە لە لادێکاندا ئەمڕۆ 2008/3/31 بەڕێز د.شوان محەممەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە سەرۆك و ئەندامانی یەکێتی ژنانی کوردستان/ لقی هەولێر کرد.

لەم دیدارەدا کە خاتوو تاڤگە عومەر رەشید بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مافی مرۆڤ ئامادەیبوو وەفدی میوان پڕۆژەیەکیان خستەروو کە بریتبوو لە ژمارەیەك خاڵ و پێشنیار بۆ بەستنی کۆڕ و سمینار لە لادێکاندا بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەیان و خستەرووی ئەو هۆکارانەی کە دیاردەی توندوتیژی دژی ژنانیان لێدەکەوێتەوە کە لەگەڵ هیچ سیستەمێکی مرۆیی و ئایینی ناگونجێ.

ئەوەشیان راگەیاند لەم پرۆژەیە زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە پێویستە لەو کۆڕانەی کە بۆخەڵکی لادێکان دەبەسترێ باس لەو پەیوەندییە پتەوەی نێوان ژن و مێرد بکرێ کە یەکێکە لە هۆیە سەرەکیەکانی مافەکانی خانەوادەیی.

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ وێڕای ئامادەیی پشتگیری و یارمەتیدانی وەزارەت بۆ پڕۆژەکەیان ئەوەشی روونکردەوە کە پێویستە ئەم جۆرە کارانە بکرێ و زیاتریش لەناو ئەم چین و توێژە بێت، چونکە ئەگەر بە روحیەتێکی هۆشیارانە باس لەم توندوتیژییانە بکرێ دڵنیایین ئەم دیاردەیە وردە وردە بنبڕ دەکرێ و لە ئەنجامیشدا کۆتایی دێ.. بۆیە ئەمە ئەرکێکی سەرشانی رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانە بەپلە یەك بەدواداچوون بۆ ئەم کێشەیە بکەن..

هەر لەم پێشوازیکردنە وەزیری مافی مرۆڤ داوای لە وەفدی میوان کرد کە تا زووە دەست بەم پرۆژەیە بکرێ و بوودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ.